# نازانم بە کێ بڵێم دایکە...



**لاجان**

ئەمە قسەی ئاڤانی تەمەن ٦ساڵ بوو لە٢٩ی رەمەزانی ئەمساڵدا بە کارەساتێك دایکیو باوکی کوژران.

ئاڤانی قژ زەردی لاواز لەپرسەی باوكو دایکیدا چوبووە ناوەڕاستی پرسەگێرانو بەجۆرێك لەگریانو لاوانەوەی دایكو باوکی (دایە گیان، باوکە گیان)، دەنگی گریانی هەموانو ئاوایەکەی گرتبووەوە.

دایكو باوکی ئاڤان لەسەر ڕێگای قەڵادزە_شەقڵاوە لەنزیك جادەکە بەکوژراوی تەرمەکانیان دۆزراوەتەوە، تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بەردەمەو تاوانبار نادیارەو نەدۆزراوەتەوە.

مانگێك دوای پرسەکە ئاڤان دەچێتە لای ئەو خوشکەی کە شوی کردوەو لەماڵی خەزوریدایە، رەنگی زەردو چاوەکانی چوبوون بەقوڵداو ماتیەکی ئێجگار زۆر بەرووخساریەوە دیار بوو، بەبینینی ئەو بێ تاقەتیە بەدی دەکرا، چونکە وەك منداڵان لەجموجۆڵدا نەبوو، چووبووە سوچێکی ژورەکەو بەبێ دەنگی دانیشتبوو، باوەشم پێداکردو ماچم کرد، کەمێك سەیری کردمو سەری خستە سەر سنگمو بۆنی دەکردم، وەك ئەوەی بۆنی دایکە کوژراوەکەیم لێ بێت، چی دی ئەو منداڵەم لێ نەبوەوە زۆر زوو پەیوەست بوو پێمەوە ،دەچومە هەر شوێنێکی ماڵەکە بەدوامەوە بوو، کەوتە قسەکردن لەگەڵمدا.

لەپرسەکەدا ئاڤانیان بەوە ژێر کردۆتەوە کە ئەم منداڵەو کەی مرد دەچێتە لای دایکی، بۆیە ئاڤان ووتی (حەز ئەکەم بمرم، زۆر بیری دایکم ئەکەم، لەبەر ئەوەی بچم بۆ لای) سەیری منی کرد فرمێسك لە چاوما قەتیسماوەو تەنها وشەیەکم بۆ نەدەهاتەدەر، کەمێك وەستاو دەستێکی بەرومەتمدا هێناو سەری خستەوە سەر سنگم خۆزگەم دەخواست من بومایە لەبری دایکی، ئاڤەو خوشكو براکانی تری کە هیچیان تەمەنیان ناگاتە١٤ ساڵ، دەبێت گوناهی ئەم منداڵانەو ئاڤان چی بێت هێندە تامەزرۆی بینینی دایکی دەکات، من بەخەیاڵێکی قوڵدا چوبووم لەبیری ئەوەدابووم، داخۆ کێو چۆنو بۆچی دایكو باوکی کوژران، یان کێ هێندە دڵ رەقە دوو رۆژ پێش جەژن ئەم کارەساتەی نایەوە؟ بەدەست لێدانی قژم کە ئاڤە دەستکاری دەکرد، گەڕامەوە لای قسەکانیو دەیووت باوکم کە بەتەزبیحەکەی دەیکێشا بەقاچەکانمدا بۆ ئەوەی بنووم دەیووت کچە ئاڤۆکە بنوو، ئەو کە بیری دایکی دەکات دەچێتە خەوی قسەی بۆ دەکات ئەمەش تاڕادەیەك دڵخۆشکەری ئاڤە بوو چونکە بەچاوەکانیدا دیار بوو.

سەری بەرزکردەوەو ووتی" بەکاکم دەڵێم باوکە بەڵام نازانم بەکێ بڵێم دایکە".

---

# بەدەست خۆمانە "توندوتیژی دژی ژنان ڕاگرین"

**و/لە ئینگلیزییەوە**
**پەری شاکەلی**

لە ساڵی ١٩٨١دا یەکەمین کۆبوونەوەی فێمینیستەکانی ئەمریکای لاتین و کاریبیا، ٢٥ ی نۆڤامبەریان وەکو ڕۆژی نێونەتەوەیی "نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان" بۆ یادکردنەوەی کوشتنی خوشکانی میرابێل بەدەستی هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی Trujilloلە کۆماری دۆمینیك لە ساڵی ١٩٦٠دا ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٨٧ پۆرتەڕیکۆ ئەو ڕۆژەی بە فەرمی ناساندو لە ساڵی ١٩٩٩دا نەتەوەیەکگرتووەکان ٢٥ی نۆڤامبەری بە ڕۆژی نێونەتەوەیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕاگەیاند.

"بەڕاستی نازانم چی وای لێکردم ئەو ئێوارەیە بڕیاربدەم تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم، بەڵام هەمیشە دەڵێم دیمەنی شتنەوەی خوێنی خۆم پاڵی پێوەنام." لۆراین ژنێکی بریتانی بوو کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلایەن هاوژیانەکەی بۆ ماوەی هەشت ساڵ لێی دەدرا؛ پێش ئەوەی لای کەس بیدرکێنێت. خەڵکی لێم دەپرسن بۆ جێم نەهێشتووە، بەڵام هاوسەرەکەم هەڕەشەی لێدەکردم و هەڕەشەکانیشی بە ئەنجام دەگەیاند. من زۆر لێی دەترسام. ترسێکی وایە کە لەگەڵیدا دەژیت، دەبێتە بەشێکی سروشتیی ژیانت، خۆتی لەگەڵ دەگونجێنی، تەحەمولی دەکەی و دەیشاریتەوە". بەشی خزمەتگوزاری فریاکەوتنی بریتانیا لە هەرخولەکێکدا تەلەفۆنێکی بۆ دەکرێت سەبارەت توندوتیژی لەنێو خێزاندا.

نادامبۆی ١٦ ساڵە، لەلایەن سێ سەربازەوە لە کێڵگەیەکی نزیك یوڤیرای ناوچەی باشووری کیڤۆی کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ لاقە کرا. ئەوان تەقەیان لە دایکی کرد کاتێك ویستی کچەکەی بپارێزێت. پاش ئەو هێرشە لە کاتێکدا نەیدەتوانی بە پێی خۆی بڕوات، برایە نەخۆشخانە. لەبەر بێ پارەیی هیچ دەرمانێك نەکرا و نەیتوانی هیچ بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی لاقەکردنەکە بەدەست بێنێت. ئۆفیسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان ڕادەی لاقەکردنی ژنان لەو ناوچەیەدا بەم شێوەیە دەخەمڵێنێت: ٥٠٠٠ ژن لەو ناوچەیەدا لە نێوان ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ هەتا فێبرووەری ٢٠٠٣ لاقەکراون. واتە بە ڕێژەی ٤٠ ژن لە ڕۆژێکدا.

لە یازدەی مارسی ٢٠٠٢دا لە فێرگەیەك لە مەککەی عەرەبستانی سعودی، پازدە کچی فێرخواز تا مردن سووتان و دەیانی دیکەش لەنێو ئاگرەکەدا بریندار بوون. پۆلیسە ئایینییەکان ڕێگەیان نەدا کچەکان لە فێرگەکە بێنەدەرەوە چونکە سەرپۆشیان بەسەرەوە نەبووەو هیچ کەسوکارێکی نێرینەیان لەوێ نەبوون کە وەریانگرن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانیش ڕێگەیان لەو کەسانەیش گرت کە دەیانویست بچنە ژوورەوە و یارمەتی بدەن.

توندوتیژی دژی ژنان گەورەترین گەندەڵیی مافی مرۆڤە لە سەردەمی ئێمەدا. لە کاتی لەدایکبوونە و تا مردن و لە کاتی ئاشتی و شەڕدا ژنان ڕووبەڕووی هەڵاواردن و توندوتیژی بەدەستی حکومەت، کۆمەڵگە و خێزان دەبنەوە. کوشتنی کۆرپەی مێ، هەموو ساڵێك خودی ژیان لە کۆمەڵێکی لە ژمارە نەهاتووی ژنان دەستێنێتەوە. لاقە و بێزارکردنی سێکسی لەلایەن کەسوکار، پیاوی دی و پیاوانی ئاسایش و شەڕکەرە چەکدارەکان تووشی میلیۆنان کچ و ژن دەبێتەوە.

هەندێك شێوەی توندوتیژیی وەکو بەزۆر سکپڕکردن، بەزۆر منداڵ لەباربردن، سووتاندنی بووك و گرفتی پەیوەندیدار بە پێتەکی بووك، تایبەتن بە ژن. هەندێکی دی وەکو توندوتیژیی ناوەکی- کە بە توندوتیژیی نزیکیی ژن و مێردیش ناسراوە- لێدانی هاوسەر زۆرتر ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە. لە کاتی ناکۆکییەکان و شەڕدا توندوتیژی دژی ژنان زۆربەی جار وەکو چەکێك بۆ لە مرۆڤایەتی خستنی ژن لەلایەك و سووکایەتی بەو کۆمەڵگەیە کە ژنان سەر بە ئەوێن، بەکاردەهێنرێت.

توندوتیژی دژی ژنان بەتەنیا نەبەستراوەتەوە بە سیستەمێکی سیاسیی و ئابووریی تایبەت، بەڵکو ئەمە لە هەموو کۆمەڵێك لە جیهاندا هەیە و هەموو سنورێکی دەوڵەمەندیی، ڕەگەز و کەلتوری بەزاندووە. ئەو هێزە بنەڕەتییەی لەنێو کۆمەڵدا کە دەبێتە هۆی مانەوەی توندوتیژی بە قووڵی ڕەگی داکوتاوەو سەختتر بووە. ئەزموونی هەڕەشەی توندوتیژی دەبێتە بەرگرێك بۆ ژنان لەوەی کە بەتەواوی لە مافەکانی مرۆڤ کەڵك وەگرن و بەکاری بهێنن.

ژنان لە سەرانسەری جیهاندا خۆیان ڕێکخستووە بۆ دەرخستن و زانیاریبڵاوکردنەوە لە بارەی توندوتیژی دژی ژنان. ئەوان گۆڕانی گەورەیان لە بوارەکانی یاسا، سیاسەت و پراکتیکەوە بەدەستهێناوە. ئەوان چەمکی توندوتیژی کە تایبەتمەندییەکی شاراوەی هەیە، ئاشکرا کردووە و کردوویانەتە چەمکێکی گشتی. ئەوان بناغەیەکیان دانا کە توندوتیژی دژی ژنان پێویستی بە یارمەتی و وەڵام لەلایەن حکومەت، کۆمەڵگە و تاکەکانەوە هەیە. لە سەرووی هەموویشیانەوە، ئەوان بەرەنگاری ئەو ڕووانگەیە کە ژن بە قوربانییەکی دەستەوەستانی توندوتیژی دەزانێت بوونەتەوە. تەنانەت لە کاتی تەنگانە، هەژاری و زەحمەتەکاندا ژنان ڕێبەرایەتی خەبات بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن.

دەستپێشخەری بۆ دەستنیشانکردن و بەرگری لە توندوتیژی دژی ژنان لەم ساڵانەی دواییدا لە سەرانسەری جیهاندا بەخێرایی زیادی کردووە. هەرچەند لە زۆر وڵات چالاکیی بواری مافەکانی ژنان ڕووبەڕووی هێزێکی نوێی وەگەڕخراو بوونەتەوە کە یەکسانی ژێندەر بە هەڕەشەیەك بەرامبەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەزانن. لە هەندێك بەشی جیهاندا دەستکەوتە یاسایی و سیاسییەکان کە ژنان بەدەستیان هێناون، گۆڕدراون، کاڵبوونەوە یان لەبیرکراون. زۆربەی حکومەتەکان هۆشیاری و ویستی سیاسییان نییە بۆ خۆگونجاندن و کارکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە. لەبەرامبەر هەڵوێستی دوورەپەرێزانە و بەرژەوەندییەکان، هەوڵە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان لە سەرەتاوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

---

ئەڵقەیەک لە زنجیرەی بابەتی بەدەست خۆمانە "توندوتیژی دژی ژنان ڕاگرین".

**لە سایتی (دیمانە)وە**

---

**کەلسوم حسێن**

## هاوڕێی دێرین

بابنوسم بەو پێنوسەی
ساڵەهایە هاوڕێی منە
بینەخشێنێ ئەوەی کەوا
لەهۆشدا شاراوەو ونە
چی نهێنی بێت لای
زمان
دڵ ناتوانێ بیدرکێنێ
با پێنوسی شارەزایانە
خۆی لەناخدا دەری بێنێ
چەند ئاواتی ژێر خاك
خراو
چەند خۆزگەی
بەپێوەمردوو
چەند فرمێسکی
لەچاو مەیوو
چەند خەندەی لەلێوا زەرد
بوو
سەربەستانە چی ئەتوانێ
وەك گوڵ بژێر دەری
بێنێ
هەتاکو گشت تەلاری خەم
لەناو دڵدا هەرەس دێنێ

* * *

من بێ ئاگا
دڵو خامە
هەردووکیان کەوتنە
گفتوگۆ
هەردوو باسی منیان
ئەکرد
بۆم ئەگریان زۆر لەسەرخۆ

* * *

لەشەوی فرمێسکی خامە
بەدەزوی رەنگینی پەڕاو
ملوانکەیەکم پێك هێنا
زۆر نازدارو جوانو تەواو
لەگەردنی خۆم ئاڵاندو
زۆر پێی شادو
بەختەوەر بووم
کە زانیم دڵسۆزم
ئیتر لەخەم بێخەبەر بووم